وانەی (٤٧)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) پێغەمبەرانی بچووك

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (هۆشەع ٢ ، یۆئیل ٢ ، ئامۆس ٥ ، یۆنان ١)
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) ڕۆما ١٦: 17

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە) **تیاڕامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن بۆ : ڕۆما ١٦: 17 .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) دە پاکیزەکە مەڕو بزن

" نمونەی مەڕ و بزن " لە مەتا ٢٥: 31- 46 تایبەتە بە **دادوەریی لە شانشینی خودا**

" نمونەکە" چیرۆکێکە باس لە ژیانی ڕۆژانەی سەرزەوی دەکات بە واتایەکی ئاسمانی . چیرۆکێکە دەکرێ بگێڕدرێتەوە لەژیانی ڕاستەقینەدا و ئامانج لێی فێرکردنی ڕۆحیە . عیسای مەسیح ئەو بابەتانەی باو و بڵاو بوون هەروەها ڕوداویی ڕۆژانەی بەکار دەهێنا لە پێناوی ڕاگەیاندنی نهێنیەکانی شانشینی خودا و ڕوناکیەکەی ، وە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی خەڵکی لەبارەی بارودۆخی ڕاستەقینەیان و پێویستییان بە نوێبوونەوە .

لێکۆڵینەوە بۆ ئەم نمونەیە دەکەین خاڵ بەخاڵ بە بەکارهێنانی شەش ڕێبەری ڕێنماییەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی نمونەکان (بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ٩ ، پاشکۆی ١).

مەتا ٢٥: 31- 46 **بخوێنەوە** .

<u>١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.</u>

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆ: ئەو بنەما سەرەکیانە کامانەن ، کە نمونەکە لە خۆی گرتوە ؟

تێبینیەکان .

ئەم نمونە نیە بە واتا ڕاستەقینەکەی ، بەڵکو هەندێ بنەمای نمونە لە خۆ دەگرێت بۆ وێنە ، مەڕ وبزن زۆرجار پێکەوەن لە ڕۆژدا کاتێك دەلەوەڕێن ، بەڵام ئێوارە کاتێ شوان بانگی مەڕەکانی دەکات بزن وەڵام ناداتەوە ! مەڕەکان گوێیان لەدەنگی شوانەکە دەبێت لەدەوری کۆدەبنەوە

یۆحەنا ١٠: ١- ٦ . بەڵام بزن تێکۆشانی دەوێ تا کۆیان دەکەیتەوە ، وە مەتا ٢٥: ٣١- ٤٦ پێناسەیەکی دراماتیکیە بۆ ڕۆژی دادوەریی و حوکمدانی کۆتایی بە بەکارهێنانی ئەم هێمایانەو ئەم وێنانە .

٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە هەردوو بەشەکانی مەتا ٢٤ و ٢٥ لە ئینجیلی مەتا .

چوارچێوەی نمونەکە پێناسەی حوکمدانی ڕۆژی دوایی دەکات ، ئەم دوو بەشە لەبارەی فێرکردنەکانی عیسا سەبارەت بە شتەکانی داهاتوو پەیامێکە دەیەوێ بیگەیەنێت لەم دوو بەشەدا کە باوەڕداران بێدار بن و لەژێر ڕۆشنایی هاتنەوەی عیسای مەسیح بن کاتێك حوکمی کۆتایی ڕادەگەیەنێت و بڕیار لەسەر خەڵات و سزا دەدات ، وە پێشبینیەکانی هاتوو لەم بەشەدا ئاماژە دەکات بۆ ڕوداوێك لە ئایندەیەکی نزیکدا لەکۆتایی زەمانە . لە مەتا ٢٤ باسی ئەو حوکمدانە دەکات بەم نزیکانە لە ئۆرشالیم ڕووەدەن و هەروەها سەبارەت بە حوکمدانی کۆتایی بەسەر ئەم جیهانەدا لە هاتنەوەی دووەمدا ، ئەم فێرکردنە مەزنانە پێکەوە شتەکانی کۆتایی پێکدەهێنن. ئەو

کارەساتەی بەسەر ئۆرشالیم دێت نمونەیەکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە لەکۆتایی زەمانەدا ڕوودەدات .

وە لە مەتا ٢٥ نمونەی دە کچەکان باوەڕدار فێر دەکات دەربارەی ئەوەی چەند پێویستەو گرنگە بێدار بن و شەواراە بگرن وئامادەباش بن هەموو ڕۆژێك چونکە کاتی هاتنەوەی دومەی مەسیح نەزانراوە ، وە نمونەی کیسە زێڕەکان دەستپاکی و تێکۆشان وبەکارهێنان و وەبەرهێنان و تواناو دەرفەتەکانە کە خودا دەیبەخشێت و بە زمانێکی دراماتیکی و بە هێما باسی دەکات .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لەشێوەی پێناسەیەکە بۆ حوکمدانی کۆتایی .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەکە لە خودی باسەکەدایە .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن؟

تێبینیەکان .

تەختی دادوەریی .

ئەم خاڵە گرنگە بۆ تێگەیشتن لە نمونەکە ، چونکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە حوکمی کۆتایی لە هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح.

ئایا تەختی خودا لەسەر زەویە یان ئاسمان ؟ بە پشتبەستن بە زەکەریا ١٤: ٤ هەندێ باوەڕدار وای دەبینن کە تەختی خودا لەسەر زەویە بەڵام زەکەریا ١٤: ١- ٥ باسی تەخت ناکات ! ئەو پێناسەی ئەو ڕوداوانەی کۆتایی دەکات کە ڕوو دەدەن لە "ڕۆژی خوداوەند" بەشیوازێکی پەیمانی کۆن واتە بە زمانی ڕوداوەکان ئەوەی ڕووەدەن لەنێو گەلی ئیسرائیل لە زەوی ئیسرائیلدا بڕوانە ئاشکراکردن ٢٠: ٨ – ٩ وە لە ئاشکراکردن تەختی خوداو بەرخەکە عیسای مەسیح لە بەرزترین شوێنە ئاشکراکردن ٤: ١- ٢ ؛ ٥: ٦ ؛ ٢٠: ١١- ١٢ ؛ بڕوانە مەتا ١٩: ٢٨- ٢٩ ؛ ٢٥: ٣١. پێدەچێ لە هەوادا بێت ، کاتێك باوەڕداران هەڵدەگیرێن بە خۆشی و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ عیسای مەسیح ١سالۆنیکی ٤: ١٥- ١٧ . بێ بەڵگەی بەردەستی کتێبی هەندێ لە باوەڕداران جیاوازیان هەیە لە بۆچوونداسەبارەت بە سێ تەختی دادوەریی لە سێ کاتی جیاوازدا.* پێیان وایە تەختی مەسیح ٢کۆرنسۆس ٥: ١٠ دادوەریەکی تایبەتە بە باوەڕداران * پێیان وایە تەختی شکۆی مەسیح مەتا ٢٥: ٣١ دەرکردنی حوکمە بەسەر هەموو نەتەوەکاندا جگە لە ئیسرائیل ، زەکەریا ١٤: ٤ ، * پێیان وایە کە تەختی مەزنی سپی ئاشکراکردن ٢٠: ١١ تەنها بۆ حوکمدانە بەسەر بێباوەڕاندا ، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو ئەم ناوانە ئاماژەن بۆ دادوەریی کۆتایی عیسای مەسیح لەهاتنەوەی دووەمیدا کە تەنها یەك هاتنەوەی دووەم و یەك دادوەریی وحوکمدانی کۆتاییە !

دادوەر .

هەروەها ئەم بنەمایە گرنگە چونکە گرێدراوە بە دادوەریی کۆتایی و هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح .

ئایا دادوەر خودای باوکە یان خودای کوڕە ؟

لەو کارانەی خودا دەیکات وەکو بەدیهێنان و چاودێری و خۆبختکاری و دادوەریی هەموو ئوقنومەکان تیایدا بەشدارن سێ ئوقنومی پیرۆز (خودای سێ ئوقنوم) سیانەی پیرۆز . لەگەڵ ئەوەشدا ڕوونە لە دەقەکەدا ئەوەی لەپێشمانە و شەرەفی دادوەری پێ بەخشراوە عیسای مەسیحە وەکو نێوەندگیر ئەمەش ئەو خەڵاتەیە لەبەرامبەر کارەکەی وەکو نێوەندگیر دانیال ٧: ١٣- ١٤ ؛ مەتا ١٣: ٤١ ؛ ١٦: ٢٧ ؛ ٢٦: ٦٤ ؛ ٢٨: ١٨ ؛ یۆحەنا ٥: ٢٢- ٢٣ ، ٢٧ – ٢٩ ؛ فیلیپی ٢: ٩- ١٠ . عیسا بە پاشا ناودەبرێ یۆحەنا ١٨: ٣٦ ؛ ئاشکراکردن ١٩: ١٦ ، وە ئەو هەموو دەسەڵاتێکی ئاسمان وزەوی هەیە مەتا ١١: ٢٧ ؛ ٢٨: ١٨ ؛ یۆحەنا ٣: ٣٥ ؛ ١٣: ٣ ؛ ئەفەسۆس ١: ٢٢ ، دانیشتوو لەسەر تەختی سپی مەزن ئاشکراکردن ٢٠: ١١ عیسای مەسیحە ، مەتا ١٩: ٢٨ ؛ ئاشکراکردن ٥: ٦ ئەوەی دێت و دروێنەو بەروبومی کۆتایی تەواو دەکات ئاشکراکردن ١٤: ١٤ وە ئەوەی چیاکان و دورگەکان لەبەردەمیدا نامێنن وە ئەوەی ئاسمان و زەوی هەڵدێن لەبەردەمیدا ئاشکراکردن ٦: ١٤ ؛ ٢٠: ١١ . ئەمە واتای ئەوە نیە ئیدی گەردون لەناودەچێت لە حوکمدانی کۆتاییدا بەڵکو نوێ دەکرێتەوە بە تەواوەتی ٢پەترۆس ٣: ١٠ ؛ کردار ٣: ٢١ ؛ ڕۆما ٨: ٢١ .

فریشتە .

فریشتە بنەمایەکی گرنگە لە نمونەکەدا چونکە ئەوان گرێدراون بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە حوکمدانی کۆتایی وهاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح .

کاری فریشتە چیە ؟

فریشتە گرێدراون بەکاررری عیسای مەسیحەوە لە کۆتایی زەمانەدا، چونکە لە هاتنەوەی دووەمیدا ئەوانە کەژاوەیەکی شکۆدار پێکدەهێنن ئەوەی عیسای مەسیحی پێ دێتەوە وە دوو ئەرکیان دەبێت : یەکەم دوای هەستانەوە لە مردن ١کۆرنسۆس ١٥: ٤٢- ٤٩ وە گۆڕینی ئەوانەی

زیندوون لەسەر زەوی لەهاتنەوەی دووەمیدا ١کۆرنسۆس ١٥: ٥٠- ٥٢ ئیدی هەموو گەلی خودا کۆدەکەنەوە ئەوانەی هەڵبژێردراوی خودان لەسەر زەوی واتە هەموو باوەڕدارانی ماوەی پەیمانی کۆن و نوێ بەهەوردا دەڕفێنن بەرەو عیسای مەسیح لەهەوادا مەتا ٢٤: ٣١ ، ٤٠ ، ٤١ ؛ ١سالۆنیکی ٤: ١٥- ١٧ ؛ ئیدی دەبێتە جێی سەرسامی هەموان ٢سالۆنیکی ١: ١٠ .

دووەم ، فریشتە هەموو گوناهەو خراپەیەك دادەماڵێت لە شانشینی خودا مەتا ١٣: ٤١ ؛ مەتا ١٣: ٤٩ ؛ ٢٥: ٣١- ٣٣ ؛ یەهوزا ١: ١٤- ١٥ ؛ مەتا ١٣: ٤٢ ، ٥٠ ؛ ٢سالۆنیکی ١: ٧- ٩ ؛ ئاشکراکردن ١٤: ١٧- ٢٠ .

گەڵان ونەتەوەکان .

گەڵان و نەتەوەکان کە لەبەردەم تەختی دادوەریی کۆدەکرێنەوە بنەمایەکی گرنگە لە نمونەکەدا چونکە گرێدراوە بە بنەمای سەرەکی بەشێوەی سەرەکی بە ڕۆژی حوکم دانی کۆتایی لەهاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیحدا ، ئەم گەلانە کێن کە کۆدەکرێنەوە لەبەردەم تەختی دادوەریی ؟

هەندێ لەباوەڕداران پێیان وایە کە ئەو حوکمدانەی پێناسە کراوە لە مەتا ٢٥: ٣١- ٤٦ دا جیاوازە لەو حوکمدانەی لە یۆحەنا ٢٠: ١١- ١٥ دا پێناسە کراوە . دەڵێن کە مەتا ٢٥ پێناسەی دادگایی کردنی نەتەوە ناجولەکەکان دەکرێت وبەس لەسەر ئەو شێوازەی مامەڵەیان کردوە لەگەڵ جولەکەکان ، وە ئاشکراکردن ٢٠ پێناسەی حوکمێکی دیکە دەکات دوای هەزار ساڵ ، ئەویش حوکمی تایبەتە بەو گوناهبارانەی تۆبەیان نەکردوە لە نەتەوەکان بەڵام هیچ بەڵگەیەکی کتێبی نیە لەمبارەیەوە !

ئەو حوکمدانەی پێناسە کراوە لە مەتا ٢٥ هەمان ئەو حوکمدانەیە کە پێناسە کراوە لە ئاشکراکردن ، هەروەها بڕوانە مەتا ٢٥: ٣١- ٤٦ ؛ یۆحەنا ٢٠: ١١- ١٥ ؛ مەتا ١٩: ٢٨ ؛ دانیال ١٢: ٢ ؛ یۆحەنا ٥: ٢٨- ٢٩ ؛ کردار ٢٤: ١٥ .

مەڕ و بزن .

ئەم بنەمایە گرنگە چونکە گرێدراوە ڕاستەوخۆ بە ڕۆژیی حوکمدانی کۆتایی لەهاتنەوەی دووەمی خوداوەند عیسای مەسیح .

مەڕ وبزن هێمایەکن لە پەیمانی کۆنەوە وەرگیروان ، مەڕ هێمایە بۆ باوەڕداران ئەوانەی متمانەیان بە عیسای مەسیح هەیە و شوێنی دەکەون ، ئەوان نەرمونیان وملکەچن زەبور ٧٩: ١٣ ؛ یۆحەنا ١٠: ٣- ٤ ، ٢٧ . بەڵام بزن هێمایە بۆ ئەوانەی بە شەڕەنگێز و هەڕەمەکی و گەندەڵی پێناسە دەکرێن ، حەزقیال ٣٤: ١٧- ١٩ ؛ دانیال ٨: ٥ ، ٧ ، ٢١ ، لەمەتا ٢٥ بەراوردێک دەبینین لە نێوان ئەوانەی بە باوەڕ ڕاگزریان دەبێت (مەڕەکان) وە ئەوانەی لەناودەچن بەهۆی یاخی بون و بێباوەڕیان (بزنەکان).

کێن خوشکو براکانی عیسای مەسیح ؟

بڕوانە خاڵی ٥ تایبەت بە بەشە هاوسەنگەکان بەپێی مەتا ١٢: ٥٠ و ٢٨: ١٠ ئەوان باوەڕدارن واتە قوتابیەکانی عیسای مەسیح ئەوانەی بەپێی خواستی خودا کاردەکەن .

مەڕ بە بێتاوان یان ڕاستودروستان ناودەبرێن .

ئەم خاڵە گرنگە چونکە عیسای مەسیح ئەم ڕاستیە ڕادەگەیەنێت سەبارەت بە حوکمی کۆتایی لەهاتنەوەی دووەمیدا ، بۆچی مەڕەکان بە بێتاوان یان ڕاستودروستان ناو دەبرێن مەتا ٢٥: ٣٧ ؟

مەڕەکان بە بێتاوان وڕاستودروست ناودەبرێن لەبەر ئەوە نا کە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت بەهۆی باوەڕیان بە عیسای مەسیح و بەس بەڵکو لەبەرئەوەی ئەوان بەژیانێك دەژین ڕاستودروست و بێتاوان لە چاکەدا ، مەتا ٧: ٢١- ٢٣ ؛ مەتا ١٠: ٤٠- ٤٢ ؛ ٢٥: ٣٥- ٣٦ .

بزن بە خراپەکارو شەڕەنگێز ناودەبرێن .

ئەم خاڵە گرنگە چونکە ڕاگەیاندنێکی ڕاستەوخۆیە لە عیسای مەسیحەوە لە ڕۆژی حوکمدانی کۆتایی لە هاتنەوەی دووەمیدا ، بۆچی بزن بە شەڕەنگێز وخراپەکار ناودەبرێت یان نەفرەت لێکراوان مەتا ٢٥: ٤١ ؟

بزن بە شەڕەنگێز وخراپەکارو نەفرەتلێکراوان ناو دەبرێ لەبەرئەوە نا کە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ بەهۆی بێباوەڕیان و بەس . بەڵکو لەبەرئەوەی ئەوان بەژیانێك دەژین دوورە لە ڕاستودروستی و بێتاوانی و چاکە .

بناغەی ڕزگاریی .

ئەم خاڵە زۆز گرنگە ، پێش ئەوەی یادی کارەکانی ڕاستودروستان بکرێنەوە عیسا پێداگری دەکات لەسەر بناغەی ڕزگارییان . مەتا ٢٥: ٣٤ ؛ ئەفەسۆس ١: ٤ ؛ مەتا ٢٥: ٣٤ ؛ ئەفەسۆس ٢: ٨- ١٠ .

ئەو پێوەرەی سەرچاوە دەگرێت لە دادوەریەکەدا .

ئەم خاڵە گرنگە هەروەها چونکە عیسا ئاماژەی پێدەکات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەئایەتی ٣٤ دا و باسی پێوەر دەکات ، ڕوونتر مەبەستەکە دەبینرێ کاتێك بەراورد بکری بە یۆحەنا ٣: ٣٦ و ٢ساڵۆنیکی ٢: ١٣- ١٤ .

شەریعەت یان تەورات ، پێوەرێکی دادپەروەرانەیە لە دادوەریی / حوکمدانی کۆتاییدا. ئەوەی تایبەتە بە ڕزگاریی هەرچیەك شەریعەت لە توانایدا بێت و بیکات ئەوەیە حوکم بەسەر مرۆڤدا بدات کە تاوانبارەو لەناوچوە بەڵام ئەوەی تایبەت بێت بە دادوەریی کۆتایی و حوکمدانی کۆتایی شەریعەت پێوەرێکە ئەوەی خەڵاتی باوەڕدارانی پێ دەکرێت و سزای بێباوەڕانی پێدەدرێت بابەتی ڕزگاریی مرۆڤ لە پێش مردنیدا بڕیاری لەسەر دەدات بەڵام لە حوکمدانی کۆتاییدا دیاریکراوەو ئەو کات مرۆڤ بەپێی کارەکانی ئایا چاکەن یان خراپە دادگایی دەکرێن . کۆمکار ١٢: ١٤ ؛ ٢کۆرنسۆس ٥: ١٠ ؛ ئەفەسۆس ٦: ٨ .

خراپەکاران دەڕۆن بۆ سزای تاهەتایی .

ئەم خاڵە گرنگە چونکە عیسا ڕاستەوخۆ فێرکردنی لەبارەوە پێشکەش کرد کە سزای خراپەکاران چی دەبێت ؟

بزن واتە خراپەکاران فڕێ دەدرێنە دۆزەخەوە ئیدی ئەوان جیادەکرێنەوە لە ئامدەگی خوداو خۆشەویستی و چاودێری و بایەخی تاهەتایی دانیال ١٢: ٢ ؛ مەتا ٢٥: ٤٦ ؛ ٢سالۆنیکی ١: ٨- ٩ ؛ ئیشایا ٦٦: ٢٤ ؛ مەرقۆس ٩: ٤٨ ؛ ئاشکراکردن ١٤: ١١؛ ١٨: ٢١- ٢٣ .

ڕاستودروست و بێتاوانەکان دەڕۆن بۆ ژیانی تاهەتایی .

ئەم خاڵە گرنگە چونکە عیسا فێرکردنی لەبارەوە پێشکەش کرد کە ئایا میراتی ڕاستودروستەکان وبێتاوانان چی یە؟

مەڕ واتە بێتاوانەکان ڕزگاریان دەبێت بە نیعمەت لەڕێگەی باوەڕیانەوە ودەبنە میراتگری ئەو شانشینەی لە دروستبوونی جیهانەوە ئامادەکراوە بۆیان ، یۆحەنا ٣: ٣ ؛ ڕۆما ٨: ١٧ ؛ کۆلۆسی ١: ١٣ ؛ عیبرانیەکان ١٢: ٢٨ ؛ مەتا ٥: ٣، ١٠ ، ١٩ ؛ یۆحەنا ٣: ٣ ؛ مەتا ٢٥: ٣٤ ؛ ئاشکراکردن ٧: ١٦ ؛ ئاشکراکردن ٢١: ٣- ٥ .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا . وە بە تێڕوانین لە شرۆڤەکەی عیسای مەسیح بۆ نمونەکە یان جێبەجێکردنی دەزانین چۆن دەبێت ڕاڤە بۆ نمونەکە بکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی مەڕ و بزن لە مەتا ٢٥: ٣١- ٤٦ فێرمان دەکات لەبارەی دادوەریی لە شانشینی خودا . پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەوەیە : هەموو باوەڕداران وبێباوەڕان لەبەردەم عیسای مەسیح لە دادگاو دادوەریی و حیساب و لێپرسینەوەدا ڕادەوەستن لە حوکمدانی کۆتاییدا لەهاتنەوەی دووەمی لەسەر بناغەو بنەمای پەیوەندیان بە عیسای مەسیحەوە وهەڵسوکەوتیان تایبەت بە عیسای مەسیح و شوێنکەوتنیان بە شێوەی ڕاستەقینە .

بڕوانە ١سالۆنیکی ٤: ١٥- ١٧ ؛ ٢کۆرنسۆس ٥: ١٠ ؛ ڕۆما ٣: ٢١- ٢٤ ؛ ١١: ٣٦ ؛ ٢سالۆنیکی ١: ١٠ ؛ ئاشکراکردن ١: ٧ ؛ فیلیپی ٢: ٩- ١٠ .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوەو فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگادار بە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

ئاشكراى بكەو گفتوگۆى لەبارەوە بكە : هەريەك لەم بەشە كتێبيانە چيمان فێر دەكات بە بەراورد لەگەڵ ئەوەى نمونەكە فێرمان دەكات ؟

ڕۆژى حوكمدانى كۆتايى . يۆحەنا ٥: ٢٧- ٢٩ ؛ كردار ١: ١١ ؛ ٢٤: ١٥ ؛ ٢سالۆنيكى ١: ٥- ١٠ ؛ ئاشكراكردن ٢٠: ١١- ١٥ بخوێنەوە .

ئاشكراى بكەو گفتوگۆى لەبارەوە بكە : چەند حوكمدانى كۆتايى ڕوودەدات ؟

تێبينيەكان .

دوو ڕا هەن سەبارەت بەم بابەتە ، ڕاى يەكەم كتێبى نيە و ڕاى دوەم فێركردنى كتێبيە .

ڕاى يەكەم كە ناكتێبيەو سەبارەت بە حوكمدانە ، هەندێك پێيان وايە چەند حوكمدانێك هەيە لە كۆتاييدا ئەوان زياتر لە ڕوانگەو پشتبەستن بە ٢كۆرنسۆس ٥: ١٠ ؛ يۆئيل ٣: ٢، ١٢ ؛ مەتا ٢٥: ٣١- ٤٦ ؛ مەتا ١٩: ٢٨ ؛ ڕۆما ١١: ٢٦ ؛ ئاشكراكردن ٢٠: ١١- ١٥ فێركردنەكانيان چڕ دەكەنەوە لەسەر چەند حوكمدانێك بەڵام ئەم بۆچوونانە كتێبى نين !

ڕاى دوەم كە كتێبيەو لەبارەى حوكمدانى كۆتايى .

بەپێى ٢سالۆنيكى ١: ٨٠ ٩ يەك حوكمدانى كۆتايى هەيە لەهاتنەوەى دومەى عيساى مەسيح لە يۆنانيەكەدا بە وشەى ئيرخومای هاتوە ؛ وە ٢سالۆنيكى ١: ١٠ بە باروسيا هاتوە ؛ وە ٢سالۆنيكى ٢: ١ دەركەوتن يان ڕاگەياندن لە يۆنانيدا ئەپۆكالوپسيس ؛ لە ٢سالۆنيكى ١: ٧ عيساى مەسيح هەروەها بڕوانە مەتا ٢٤: ٣٩- ٤١ كە باسى گەڕانەوە يان هاتنەوە دەكات لە يۆنانيدا ئەپۆكالوپتومای لەو ڕۆژەدا سزای بێباوەڕان دەدات بە لەناوچوونى تاهەتايى و دوورخستنەوەيان لە ئامادەگى خودا ؛ ٢سالۆنيكى ١: ٨- ٩ بەڵام باوەڕداران سەرسام دەبن ودڵخۆش دەبن بە هاتنەوەى و شكۆدارى دەكەن ٢سالۆنيكى ١: ١٠ . كتێبى پيرۆز فێرمان ناكات لەبارەى دوو هاتنەوەى عيساى مەسيح بەڵكو تەنها يەك هاتنەوەو بەس

کردار ١: ١١ هەروەها هەموو نمونەکانی عیسای مەسیح بەهەمان شێوە فێرمان دەکات کە یەك هاتنەوە هەیە نەك دوو وە یەك هەستانەوە هەیە نەك دوو یۆحەنا ٥: ٢٨- ٢٩ ؛ کردار ٢٤: ١٥ ؛ هەستانەوەی یەکەم لە ئاشکراکردن ٢٠: ٥ گوزارشێکی میتافۆریە لەبارەی ڕووداوێکەوە کە ئاماژە بە گیانی نوستوی ئەوانە دەکات کە گەڕاونەتەوە بۆ ژیان واتە ئوانەی گوازرانەوە بۆ ئاسمان ئەمەش ئەو واتایەیە کە لە بەشە کتێبیدا دەیبینن وەکو لۆقا ٢٠: ٣٧ – ٣٨ ؛ یۆحەنا ١١: ٢٥- ٢٦ ؛ ڕۆما ٨: ١٣ ؛ ١سالۆنیکی ٥: ١٠ . وە مردن ی دوەم لە ئاشکراکردن ٢٠: ٦ هەروەها گوزارشێکی میتافۆریە لەبارەی ڕوداوێکەوە کە ئاماژە دەکات بۆ گیان وجەستەی بێباوەڕان و فڕیدانیان بۆ دۆزەخ ئاشکراکردن ٢١: ٩ .

یۆحەنا ٢٠: ٤- ٦ ئاماژە دەکات بۆ مردنی یەکەم کە مردنی جەستەییە ئەوەی هەموو خەڵکی دەینۆشن وە هەستانەوەی یەکەم گواستنەوەی گیانی تەنها ابوەڕدارانە بۆ ئاسمان بەڵام هەستانەوەی دوەم هەستانەوەی جەستەییە بۆ هەموو خەڵکی وە مردنی دوەم گواستنەوەی گیان وجەستەی تەنها بێباوەڕانە بۆ دۆزەخ . ئەم بیرۆکانە بەراورد بکە بە یۆحەنا ٥: ٢٤- ٢٩ لەبارەی هەستانەوەی تەنها جەستەی باوەڕداران لەکاتی هاتنی یەکەمەوە بە دواوە ؛ ئەفەسۆس ٢: ١، ٤ ئەمەش ڕوویدا لە لەدایکبونەوەی دوەمیاندا یۆحەنا ٣: ٣- ٨ بەڵام یۆحەنا ٥: ٢٨ – ٢٩ باسی جەستەی هەموان دەکات کە گرێدراون بە حوکمدانی کۆتایی لە هاتنەوەی دوەمی عیسای مەسیح دا !

کتێبی پیرۆز فێرمان ناکات لەبارەی چەندین جۆر حوکمدانی کۆتایی جیاواز بەڵکو فێرمان دەکات کە یەك تەنها یەك حوکمدانی کۆتایی هەیەو بەس مەتا ٢٥: ٣١- ٣٣ ؛ ٢پەترۆس ٣: ٣- ١٣ ؛ ئاشکراکردن ٢٠: ١١- ١٥ ؛ ١سالۆنیکی ٤: ١٤ ؛ ١کۆرنسۆس ١٥: ٤٢- ٥٥ ؛ ١سالۆنیکی ٤: ١٦- ١٧ ؛ مەتا ٢٤: ٣١ ، ٤٠ ، ٤١ ؛ مەتا ٢٥: ٣٣ ؛ مەتا ٣: ١٢ ؛ مەتا ١٣: ٣٦- ٤٣ . ڕای کتێبی دروست ئەوەیە یەك حوکمدانی کۆتایی هەیە بۆ هەموان وبەس بڕوانە مەتا ٢٥: ٤٦ .

پێوەری دادوەریی .

لۆقا ١٠: ٢٠ ؛ ئاشكراكردن ١٣: ٧- ٨ ؛ ٢٠: ١١- ١٥ ؛ ٢١: ٨ بخوێنەوە .

ئاشكرای بكەو گفتوگۆی لەبارەوە بكە : پێوەری سەرەكی دادوەریی چی دەبێت ؟

تێبینیەكان .

ئاشكراكردن ٢٠: ١١- ١٥ ؛ ٢٠: ١٢ ٢٠: ١٣ ؛ یۆحەنا ٥: ٢٨- ٢٩ ؛ ئاشكراكردن ٢٠: ١٤ ؛ كۆمكار ١٢: ١٤ ؛ ٢كۆرنسۆس ٥: ١٠ ؛ مەتا ٧: ٢٢- ٢٣ ؛ ٢تیمۆساوس ٢: ١٩ ؛ یۆحەنا ٦: ٢٩ ؛ ڕۆما ٣: ٢٨ ؛ ئاشكراكردن ٢٠: ١٥ ئەمانە پێوەر بوون بۆ دادوەریی .

مەڕ و بزن . ١یۆحەنا ١: ٩- ١١ ، ٣: ٤- ١٠ بخوێنەوە .

ئاشكرای بكەو گفتوگۆی لەبارەوە بكە : كێن ئەوانەی مەڕن یان بزن ؟

تێبینیەكان ، ١یۆحەنا ١: ٩- ١١ و ٣: ٤- ١٠ جیاوازیەكی ڕوون دەردەخەن لە نێوان ڕۆڵەكانی ئیبلیس و ڕۆڵەكانی خودا ، بڕوانە یۆحەنا ٨: ٤٢ ؛ یۆحەنا ٨: ٣٩ – ٤٧ .

خوشكوبراكانی مەسیح . مەتا ١٢: ٥٠ ؛ ٢٨: ١٠ ؛ مەرقۆس ٣: ٥٣ ؛ یۆحەنا ٢٠: ١٧ ؛ ڕۆما ٨: ٢٩ ؛ عیبرانیەكان ٢: ١١- ١٣ ، ١٧ ؛ یاقوب ٢: ١٥- ١٧ ؛ ١یۆحەنا ٣: ١٦- ١٨ ؛ مەتا ١٠: ١٤- ١٦ ، ٤٠ – ٤٢ بخوێنەوە .

ئاشكرای بكەو گفتوگۆی لەبارەوە بكە : كێن ئەوانەی خوشكوبرای عیسای مەسیحن ؟

تێبینیەكان . هەر یەك لەو شایەتانەی سەرەوە پێناسەن بۆ خوشكو براكانی مەسیح .

٦. كورتەی فێركردنی سەرەكی نمونەكە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

تێبینیەکان .

دەبێت خەڵکی سروشتی خوداو سروشتی عیسای مەسیح و چۆنیەتی کارکردنیان بناسن. عیسای مەسیح لەهاتنەوەی دوەمیدا دادگایی هەموو ئەو خەڵکانە دەکات کە لەسەر زەوی ژیاون ! هیچ کەسێك دەربازی نابێت لە دادوەریەکەیدا ! هەموان حیسابی ژیانیان پێشکەش بە عیسای مەسیح دەکەن .

دەبێت باوەڕداران بزانن چۆن دەژین و دەبێت بەچی پێناسە بکرێن .

هەموو ئەوانەی لسەر زەوی ژیاون لەسەر بنەمای پەیوەندیان بەعیسای مەسیح و هەڵسوکەوتیان بەرامبەر بە مەسیح و شوێنکەوتوانی دادوەریی دەکرێن و حوکمیان دەدرێت کێ بن و پێگەو پایەیان هەرچیەك بوە هەموان بەپێی ئەو بەڵگانەی لەسەر باوەڕیانە بە عیسای مەسیح لەژیانی سەر زەویان دادوەریی دەکرێن ئایا باوەڕێکی ڕاستەقینەیان هەبوە بە عیسای مەسیح .

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت**

بە نۆرە نوێژ بکەن ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.

١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابی نوێی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕدانی موژدەی شانشینی خودا .

٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە نمونەی " مەڕ و بزن ".

٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە میخا ٥ ، حەخەی ٢ ، زەکەریا ١٤ ، مەلاخی ٣ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .

٤- لەبەرکردن : ڕۆژانە پێداچوونەوە بکە بۆ دواین ئەو پێنج ئایەتەی لەبەرتکردوون .

٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە مالّەوە : ڕۆما 16 : 1- 27. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .

٦- نوێژ . نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥ : ٣).

٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە .